# ئاگادارییەک بۆ
# شاعیر، نووسەر و لێکۆڵەرانی ئافرەت
# لە کۆمیتەی ئامادەکاری ڤیستیڤاڵی "مەستوورەی کوردستانی"یەوە

گۆڤاری "شین"ی دەزگای چاپ و پەخشی "ئاراس"، لە کۆتایی مانگی ئەپریل دا وەرزێکی شین، شین وەک ڕەنگی ئاسمان و دەریا بۆ وەرزەکانی ژیان و داهێنان زیاد دەکات و، ڤیستیڤاڵێکی دوو شەو و دوو ڕۆژەی کلتووری تایبەت بە خامە و هزر و فەنتازیا و پەڕەمووچ و داهێنانی ژنانی کوردستان، لە ژێر دروشمی "وەرزێکی شینی داهێنان بۆ ئافرەتانی کوردستان" لە باشووری کوردستان، شاری هەولێر ساز دەکات.

بۆ بەرزڕاگرتنی یادی "مەستوورەی کوردستانی" و ڕێزلێنانی خامە و بیری ئەو خانمە شاعیر و مێژوونووسەی سەدەی نۆزدەیەمی مێژووی گەلەکەمان، بە شانازییەوە ڤیستیڤاڵێکی بەناودەکەین و لە میانەی ئەم ڤیستیڤاڵەشەوە مرواریەکانی داهێنانی ژنان لە بوارەکانی ئەدەب و وێژە بە هەموو ژانرەکانییەوە، هونەری شانۆ و شێوەکاری، لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی، لە ئاسۆیەکی شینی ئەم وەرزە شینەدا دەردەکەون.

بۆ ئەم مەبەستە هەر لە ئێستاوە داوا لە هەموو داهێنەران لە هەر بوارێک لەو بوارانەی ناوبران دەکەین، کە دەخوازن بە بەرهەمێکی تایبەتی و بڵاونەکراوەی خۆیان بەشداری لەم ڤیستیڤاڵەدا بکەن، ئاگادارمان بکەنەوە و تا کۆتایی مانگی ئادار بەرهەمەکانیان، یان ویستی بەشداریکردنیان بگاتە دەستمان. بەشداران دەتوانن لە هەرچوار بەشی کوردستان بن. دوای گەیشتنی بەرهەمەکان و هەڵسەنگاندنیان، بڕیار بۆ بەشداریکردن دەدرێ و خاوەنەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە.

لە ڤیستیڤاڵدا :

- کۆڕێکی شیعر، کۆڕێکی چیرۆک و سیمیناری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی ساز دەکرێت.
- سیمینار بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی تایبەت بە کۆمەڵگەو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پرسی ئافرەت و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ژێندەرەوە، ساز دەکرێت.
- پرسی ژن لە شانۆگەرییەکی تایبەتدا یەکێک لەو ئێوارە شینانە دەوروژێنێ.
- کۆنسێرتێکی هونەری شەوێکی تری ئەو ژووانە دەخرۆشێنێ.
- پیشانگایەکی تایبەت بە پەڕەمووچی داهێنەرانەی ژنانی شێوەکار ساز دەکرێت.
- بەشداریکردن لەم ڤیستیڤاڵەدا ناچێتە خانەی پێشبڕکێ، بەڵام بۆ ڕێزلێنان لە داهێنانی دەگمەن و ناوازە، لیژنەی هەڵسەنگاندنی هەر بوارێک لەو بوارانە بڕیار بۆ خەڵاتکردنی داهێنەرەکان، بە پێی هەندێ پێوەری وردی ئەدەبی و زانستی، دەدات.

## بەشدارییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا بەم شێوە بێت

**شیعر:**

- بەشدار مەرجە ئافرەت بێت.
- شیعرەکە لە هیچ ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی ئاسایی و ئەلەکترۆنیدا بڵاونەکرابێتەوە.

- هۆنراوەکە درێژ نەبێت، لە خوێندنەوەدا لە "دە" دەقیقە زیاتر نەخایەنێت.

**چیرۆک:**

- بەشدار مەرجە ئافرەت بێت.
- چیرۆکەکەی لە هیچ جێگایەکی تردا بڵاونەبوویێتەوە.
- کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە لە 20 دەقیقە زیاتر نەخایەنێت.

**لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:**

- بەشدار دەتوانێ ئافرەت یان پیاو بێت، بەلاَم لێکۆڵینەوەکەی مەرجە لەسەر دەقێکی هەر ژانرێکی ئەدەبی بێت کە ژن نووسیبێتی.
- لە هیچ شوێنێکی دیکەدا بڵاو نەبوویێتەوە.
- پێوەرەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی تێدا بەکارهێنرابێت.

**لێکۆڵینەوە لە پرسی ژێندەر :**

- بەشدار مەرج نییە ئافرەت بێت.
- لێکۆڵینەوەکە دەتوانێ لە هەر بوارێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێت و بە میتودی هەر یەک لەم زانستە بێت: سۆسیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، سۆسیۆسایکۆلۆژیا، سۆسیۆپۆلەتیک، پەروەردە و هتد.
- لێکۆڵینەوەکان مەرجە بە زمانێکی بێلایەن نووسرابێت و، پەیامێکی یەکسانیخوازانە و دادپەروەریخوازانەی تێدا بێت.

**شێوەکاری:**

- بەشدار مەرجە ئافرەت بێت.
- دەتوانێ بە تابلۆیەک یان چەند تابلۆیەک بەشداری بکات.

بەشدارییەکان لە بوارەکانی شیعر،چیرۆک،لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ژێندەر، لە کتێبی تایبەتیدا، لەناو پرۆژەی "کتێبی شین" دا چاپ دەکرێت.

ئەو ژنە داهێنەرانەی کە بەرهەمەکانیان بە سەرکەوتوو هەڵدەسەنگێندرێت، پرۆژەی "کتێبی شین" کتێبێکی تایبەت بە خۆیانیان بۆ چاپ دەکات.
دەتوانن بەشدارییەکانتان تا کۆتایی مانگی ئادار، لە رێگەی ئەم ئیمەیلانەوە بە هەردوو فۆرماتی وۆرد و پی دی ئێف، بگات:

vistivalishin@yahoo.com
vistivalishin@hotmail.com
vistivalishin@jinname.org

**لەگەڵ رێزماندا**